یەحیا ڕەسوول ئەنجامی لێکۆڵینەوەی هووداوەکەی عومرانیە لە دیالە ڕاگەیاند

ئەمڕۆ شەممە " یەحیا ڕەسوول " وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان،:-ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لە هووداوەکەی عومرانیە لە دیالە ڕاگەیاند. لیوا "ڕەسوول" لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند:- سەرکی حکومەت بەردەوام بوو لە بەدواداچوون بە پەرەشوو بە ئەو لیژنەیەی کە سەبارەت بە هووداوەکەی عومرانیە لە دیالە پێکهێنرا. ئاماژەی بەوەشکرد :- کە لیژنەکە پێشنیاری پێکهێنانی ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوەی کرد لەسەر هەریەک لە بەڕێوەبەری بەشی پۆلیس ، بەهێی کەمتەرخەمی لە کارکەیدا، و ئەفسەری بنکەی پۆلیسی نوودەوەتی ئینتەرپول ، بەهێی دژایەتیکردنی لەدوانەکانی. هەروەک وتی :-لیژنەیەکی تری لێکۆڵینەوەش لەسەر بەڕێوەبەری هەواڵگری و ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لە میقدادیە پێکهێنرا، بەهۆکاری کەمتەرخەمی و نەبوونی بەدواداچوونی مەیدانی لەسەر ئەرک و بەرپرسیارەتی خۆی ، هاوکات بەیاردرا ئەو کەسانە بخرێنە بەردەم لیژنەی جەبەجەکردنی ڕێنمایی ژمارە یەکی ساڵی 2012، بە بەیاردان لەسەر ئەوەی کە ئایا ڕەوانەی خانەنشینبون بکرێن یان نا. لیوا "ڕەسوول" ڕوونیشی کردەوە:- وەزارەتی ناوخۆ ڕاسپێردرا سە ئەفسەر کە دوو ئەفسەریان پلەی عەمیدیان هەبووە و یەکەکی دیکەشیان پلەی عەقیدیان هەبووە، بە بەشی کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کاروباری پۆلیس،هەروەک وەزارەتی بەرگریش ڕێنمایی کرا کە ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە لە دژی بەڕێوەبەری

بەشی هەواڵگری و ئاسایشی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیاڵە پێکبهێنەت،بەهێی نەبوونی هەماهەنگی لەگەڵ باقی دەزگا خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان. لە درێژەی قسەکانیدا ووتیشی :- ڕاسپاردنی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەفسەری ئاسایشی وەجیهیە و ئەبی سیدا ، بەهێی بەدواداچوون نەکردن بە ناوچەی بەرپرسیارێتی و گواستنەوەی بە دەرەوەی پارێزگای دیاڵە . وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکانی عێراق ئاماژەی بەوەدا کە وەزارەتی ناوخۆ ڕاسپێردراوە بە دانانی سیستەمی کامێرای مۆدێرن و تاوێری کۆنکرێتی لە کەرتی وەقف، جگە لەوەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیاڵە ڕێنمایی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیاڵە دەکات بە ئەنجامدانی هەرشەک لە کەرتی وەقف ، و پاککردنەوەی لە چێتە تیرۆریستییەکانی داعش،هەروەها پۆلیسی پارێزگای دیاڵە ڕاسپێردران بە بەهێزکردنی ستافی مرۆیی لە بنکەکانی پۆلیس لە پارێزگاکەو پاککردنەوەی لە چێتە تیرۆریستییەکانی داعش.